زانكۆی سەلاحەددین/ كۆلێژی ئاداب

بەشی ڕاگەیاندن/ قۆناغی دووەم

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# كۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن

## (Sociology of Media)

م. بابەت: بەشـــدار حســـێن

Bashdar.mohammed@su.edu.krd

# کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن
(Sociology of Media)

- دەروازەیەک بۆ کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن
- پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە
- دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
- ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی ڕاگەیاندن
- کاریگەری ڕاگەیاندن لە سەرتاک
- لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕاگەیاندن
- داب و نەریت، پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردە کۆمەڵایەتییەکان

- ڕاگەیاندن و پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتیەکان
- ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی
- ڕاگەیاندن و دروستکردنی وێنەی هزری
- ڕاگەیاندن و دروستکردنی ئاراستە
- درامای تەلەڤزیۆنی و بڵاوکردنەوەی توندوتیژی
- ڕاگەیاندن و پاراستنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی
- ڕاگەیاندن و ڕای گشتی

# کۆمەڵناسی (Sociology):

- چەمکی کۆمەڵناسی بەمانای زانستە کۆمەڵایەتیەکان دێت، کە یەکێکە لە کۆنترین زانستەکان.
- بۆ یەکەمجار ساڵی ١٨٣٩ز لەلایەن بیرمەندی فەرەنسی (ئۆگست کۆنت) بەکارهاتووە.
- لەگەڵ ئەمەشدا هەندێک لە توێژەران بیرمەندی عەرەب (ئیبن خەلدون) بە دامەزرێنەری کۆمەڵناسی دادەنێن، بەوپێیەی یەکەم کەس بووە لە توێژینەوەی کۆمەڵگادا ئاماژەی بە (ئاوەدانی مرۆیی) کردووە.
- بیرمەندی فەرەنسی (ئیمیڵ دۆرکهایم) لە ساڵی ١٨٩٨ گۆڤاری (کۆمەڵناسی فەرەنسی) دەرکرد، هەموو ئەو توێژینەوانەی بڵاودەکردەوە کە پەیوەندی بە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان هەبوو.

- زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی (چارلس کولّی) ساڵی ١٩٠٩ لەکتێبەکەی بەناوی (ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی) بایەخی داوە بە پەیوەندی نێوان پەیندیکردن و کۆمەڵگە.

- کۆمەڵناسی بریتیە لە زانستێکی ئاڵۆز و فراوان، لەچەندین ڕەهەند و لایەنی جیاجیای کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە.

- بەوپێیەی کۆمەڵناسی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکۆڵێتەوە، وە کۆمەڵگەش بەردەوام لە گۆڕانکاری و گەشەسەندندایە، بەهۆی پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی و دەرکەوتنی دیاردەی نوێی کۆمەڵایەتی، بۆیە کۆمەڵناسی پێوەر و بنەما و ڕێبازی تایبەت بەخۆی هەیە و بەردەوام پەل دەهاوێژێت بۆ فراوانکردنی بوارە جیاجیاکانی زانستیەکەی.

# ڕاگەیاندن (Media)

- ڕاگەیاندن بریتیە لەو دەزگا و دامەزراوەی بە بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەری، بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە جەماوەر، بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو دادەمەزرێت لەلایەن دەستە و ڕێکخراو و گرووپێک و لایەنێکی سیاسی، یاخود بازرگان و کۆمپانیا، بەشێوەی قازانج نەویست یاخود بۆ بەدەستهێنانی قازانج، گشتی یان تایبەتی، فەرمی یان نافەرمی بێت، ناوخۆیی یان هەرێمایەتی یاخود نێودەوڵەتی بێت.

- ئەرکی ڕاگەیاندن بریتیە لە بڵاوکردنەوە و گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری (پەیام جا پەیامەکە هەر شێوازێک بێت، (نێرەر) لەڕێگەی ئامرازێکەوە دەگوازێتەوە بۆ (وەرگر)، دواتر لێکەوتە و کاریگەری بەدوای خۆیدادەهێنێت.

- لەپاڵ گواستنەوەی هەواڵ و زانیاری، ڕاگەیاندن مامەڵە لەگەڵ چەند ئەرکێکیتر دەکات وەک (بیرۆکە، هزر، هەست، بیروباوەڕ، بۆچوون، هەڵوێست، هۆشیاری، ڕۆشنبیری، پەروەردەیی...هتد) هەریەک لەمانە بۆ تاک و کۆمەڵگە دەگوازێتەوە.

# کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن:

- کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن لقێکە لە کۆمەڵناسی گشتی بایەخ دەدات بە پرۆسەی ڕاگەیاندن و گواستنەوەی زانیاری لەچوارچێوەی دیاردە و پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و بوونی ئامانجێک.

- لە پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری و کۆمەڵگە دەکۆڵێتەوە.

- لەگەڵ پێشکەوتنەکان و ئامرازی نوێی ڕاگەیاندن، هەروەها بڵاوکردنەوەی هەواڵ و پڕوپاگەندە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم و زیادبوونی هەژموونی ڕاگەیاندن، وایکرد لەسالانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵناسی گشتی لقێکی تازەی لێ جیاببێتەوە بە ناوی (کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن).

- دواتر پەرەی سەند، ژمارەیەک لە کۆمەڵناسان ڕۆڵیان هەبوو لە پێشخستنی ئەم لقەی کۆمەڵناسی وەک: (کارل هۆڤلاند، هارولد لاسوێل، لازرسفیلد، کورت لیڤین)

# کۆمەڵگە (Society)

- لە هەردوو چەمکی (Community) کۆمەڵ و (Society) کۆمەڵگە، ئەندامەکانیان لە ژێر یەک چەتری ژیانی بە کۆمەڵ بەیەکتریان دەبەستێتەوە.
- کۆمەڵگە بینایەکە بۆ تاکەکانە کە خاڵی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.
- کۆمەڵگە بریتیە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆز و دینامیکی کە بەردەوام لە گۆڕان و پەرەسەندندایە، کۆمەڵێک تاک لەنێو ئەو سیستەمەدا پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیان لەنێو خۆیاندا پێکهێناوە و پێوەر و نەریت و بەهاکانیان سەرپەرشتی و ئاراستەیان دەکات.
- گروپ و تاکەکان پەیوەندیان هەیە و کاریگەری هەمیشەیی یان کاتییان هەیە لەگەڵ یەکتردا.
- تاکەکانی نێو هەر کۆمەڵگایەک ڕێز و پابەندبوون و سەروەری کۆمەڵگە دەپارێزن.
- تاکەکان داب و نەریت و شارستانیەتی کۆمەڵگەکەیان لە نەوەیەک بۆ نەوەیەکیتر دەگوازنەوە.

# پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و کۆمەڵگە

- ڕاگەیاندن بەهۆی گفتوگۆکردن لەبارەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، ڕۆڵی بونیادی لە کۆمەڵگەدا دەبینێت.
- دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداری دەکەن لە بڵاوکردنەوەی کلتور و شارستانیەتی وڵاتانی جیهان.
- ڕاگەیاندن کار لەسەر گۆڕانی تاک و کۆمەڵ دەکات لەچوارچێوەی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بۆ بونیادنانی خود.
- ڕاگەیاندن سەکۆیەکە بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ جەماوەرێکی بەرفراوان.
- ڕاگەیاندنەکان میکانزمێکی گرنگی پاڵپشتیکردنن لە پرۆسە چاکسازییەکان و لێپرسینەوە لە گەندەڵی، پارێزگاری لە فەرمانڕەواییەکی شەفاف بکەن.

- ڕاگەیاندن دەتوانێ هەستی بەرپرسیاریەتی، خۆشەویستی و ئینتیما بەهێزتر یاخود کاڵتر بکاتەوە.
- ڕاگەیاندن لەڕێگەی ئامرازە نوێیەکانی، میکانزمێکە بۆ کارلێککردنێکی کۆمەڵایەتی.
- لەکاتی ململانێکاندا ڕاگەیاندن هەوڵ دەدات کاریگەری دروست بکات لەسەر ڕای گشتی و کۆمەڵگە.
- ئاگادارکردنەوەی تاک لە مەترسیەکان و ڕەواندنەوەی دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگە.
- ڕاگەیاندن بەشداری دەکات لە پەروەردەکردنی منداڵان و زیادکردنی لێهاتوویی و تواناکانیان.
- ڕاگەیاندن زانیاری بە جەماوەر دەدات لەبارەی ڕووداو و گۆڕانکاری هەموو ئەو سێکتەرەکان.

# ڕۆڵی دامەزراوەکانی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی
# لە پەروەردەکردن و بونیادنانی تاک

دوو جۆر سەرچاوە هەیە بۆ پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی هەر تاکێک لە کۆمەڵگە:

- یەکەمیان/ سەرچاوە خودییەکان: پەیوەستە بە هۆکاری دیمۆگرافی و لایەنی عەقلی و بیرکردنەوە و ویژدانی خودی تاکەکان، لەژێر کاریگەری و هەستکردنیان بە ژینگەی دەورو‌بەر.

- دووەمیان/ سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکان: کۆمەڵێک سەرچاوەی جۆراوجۆرن لە کۆمەڵگە، تاک پێی کاریگەر دەبێ و دەبنەهۆی پێکهێنان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی تاکەکان.

## ١. خێزان:

خێزان بە یەکەم سەرچاوە دادەنرێت کە بەها پەروەردەیی و پێوەرە کۆمەڵایەتیەکانی تێدا وەردەگیرێت. مرۆڤ لەسەرەتای ژیان و تەمەنیەتیدا گرنگترین ماوەیە کە پێوەری کۆمەلایەتی و ئاراستە و بیروباوەڕەکان لە خێزانەوە فێر دەکرێت و ڕادەهێنرێت.

## ٢. گروپی هاوڕێیان:

خۆشویستنی هاوڕێ ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ڕەفتار و بیرکردنەوەی خودی کەسەکە دەبێت، لەبەر ئەمەیە گرنگە دایک و باوکان ئەو کاتەی منداڵەکانیان لە تەمەنی بچووک و هەرزەکاریدان، ئاراستەیان بکەن لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی هاوڕێی گونجاو.

## ٣. دامەزراوەکانی فێرکردن:

سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن لە باخچەی ساوایانەوە تا زانکۆ، دەبنە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی بەها کۆمەڵایەتیەکان و بنیادنانی کەسایەتی تاک و زانینی ڕەفتارەکان. گرنگی دامەزراوەکانی فێرکردن لە دوای خێزانەوە دێت لە ڕووی کرداری پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و پرەنسیپە پەروەردەییەکانەوە.

## ٤. ئایین:

ئایینە ئاسمانیەکان کۆمەڵێک بنەما و پرەنسیپن کە ژیانی تاکەکان لە کۆمەڵگە ڕێک دەخەن و بەختەوەری و ئاسودەیی دەروون بۆ تاک بەدی دەهێنن لە هەموو بوارێک، هەروەها ئایین یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی بەها و هۆشیاری کۆمەڵایەتی بۆ تاک.

## ئەمانەی خوارەوە چەند نمونەیەکن لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز:

- وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ
- وأَمَرُوا بِالْمَعْرُوفِ وَنَهَوْا عَنِ الْمُنْكَرِ
- وَلَا تَقْرَبُوا الزِّنَا إِنَّهُ كَانَ فَاحِشَةً وَسَاءَ سَبِيلًا
- وَلَا تَقْرَبُوا مَالَ الْيَتِيمِ إِلَّا بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ حَتَّى يَبْلُغَ أَشُدَّهُ
- إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ
- يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لَا تَدْخُلُوا بُيُوتًا غَيْرَ بُيُوتِكُمْ حَتَّى تَسْتَأْنِسُوا وَتُسَلِّمُوا عَلَى أَهْلِهَا ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ (٢٧) فَإِنْ لَمْ تَجِدُوا فِيهَا أَحَدًا فَلَا تَدْخُلُوهَا حَتَّى يُؤْذَنَ لَكُمْ وَإِنْ قِيلَ لَكُمُ ارْجِعُوا فَارْجِعُوا هُوَ أَزْكَى لَكُمْ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ عَلِيمٌ
- وَلَا تَقْتُلُوا النَّفْسَ الَّتِي حَرَّمَ اللَّهُ إِلَّا بِالْحَقِّ وَمَنْ قُتِلَ مَظْلُومًا فَقَدْ جَعَلْنَا لِوَلِيِّهِ سُلْطَانًا فَلَا يُسْرِفْ فِي الْقَتْلِ إِنَّهُ كَانَ مَنْصُورًا

## لەچەندین فەرموودەش جەخت لە بابەتە پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان کراونەتەوە:

- النظافة من الإيمان
- كلكم راع وكلكم مسؤل عن راعيتة
- من غشنا فليس منا
- حق جارى على الجاري

## ٥. ڕاگەیاندن:

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی گەورە دەبینێت لە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پەیامەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەی جیا جیا کار لەسەر پێکهێنانی بەهای کۆمەڵایەتی و هۆشیارکردنەوەی تاک و بونیادنانی کەسایەتی تاکەکان دەکەن.

دەروونناسان و کۆمەڵناسان و دەرئەنجامی زۆر لە توێژینەوە نوێیەکان باس لەوە دەکەن کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەم پرۆسەیەدا لە چاو ڕۆڵی دامەزراوەکانی دیکەی وەک خێزان و قوتابخانە و ئایین و کۆمەڵی هاوڕێیان، زیاتر دەبێت.

ڕاگەیاندن بۆ هەموو تاکێک دەرفەتێکە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هەمەجۆر و تێرکردنی پێداویستییەکان و گەشەپێدان و دروستکردنی کەسایەتی و وەرگرتنی کارامەیی و توانا و شارەزایی و تێگەیشتن و زانینی بارودۆخی گوزەرانی ئەوانی دیکە.

# باروده‌ۆخ (حاله‌ت)

(حاله‌ت) بریتیه له‌و ڕووداو و هه‌ڵسوکه‌وتانه‌ی که جاروبار یان به‌شێوه‌یه‌کی شاز و ده‌گمه‌ن ڕووده‌ده‌ن و دووباره‌بوونه‌وه‌یان نیه، یاخود دووباره‌بوونه‌وه‌یان که‌مه و وه‌ک ڕووداوێکی نائاسایی ده‌بینرێت.

# دیاردە کۆمەڵایەتیەکان

- دیاردە کۆمەڵایەتیەکان جۆرێکە لە هەڵسوکەوت بەرامبەر بە پرس و بابەتێکی دیاریکراو، گەورەتر و فراوانترە لە (حالەت)

- دیاردەی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی ئەرێنی و نەرێنی:
  - ئەرێنی: وەک هاوکاریکردنی هەژاران، بەهاناوەچوونی لێقەوماوان، پاک ڕاگرتنی ژینگە.
  - نەرێنی: وەک توندوتیژی دژی ژنان، کوشتن، خۆکوشتن، جگەرەکێشان، سوالکردن، کارکردنی منداڵان

- دیاردەی کۆمەڵایەتی لەڕوانگەی سنوری جوگرافی:
  - دیاردەی کۆمەڵایەتی سنووردار: وەک: ژن بە ژن، گەورە بە بچووک لە هاوسەرگیرکردن...هتد
  - دیاردەی کۆمەڵایەتی جیهانی: وەک: دزیکردن، جیابوونەوە، خۆکوشتن، کۆچکردن، بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان، نەخوێندەواری، ڕەگەزپەرستی...هتد.

- ئەگەر سنورێکیان بۆ دانەنرێت و کۆنترۆڵ نەکرێن ئەوا سەردەکێشێ بۆ نەریت

- دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لەلایەن کۆمەڵناسیەوە دیراسە دەکرێت، وە یەکێن لەم پرس و بابەتانەی کە ڕاگەیاندن بەردەوام هۆکار و کاریگەری و چارەسەریەکانیان بۆ جەماور دەخەنەڕوو.

# ڕاگەیاندن وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی:

١. دیاردە سروشتیەکان: هەموو ئەو دیاردانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ دەستی نیە لە ڕوودانیان، بەڵکو بەشێوەیەکی سروشتی لەم گەردوونەدا ڕوودەدەن، وەک: دیاردەی خۆرگیران، مانگیران، بورکان، زەمین لەرزە.

٢. دیاردە مرۆییەکان: زۆر شێوە و جۆری هەیە بۆ نمونە ئەو دیاردانەی پەیوەستن بە دەروونی مرۆڤ.
وە هەندێک دیاردەی بایلۆژی کە پەیوەندی بە جەستەی مرۆڤ هەیە.
هەروەها دیاردە کۆمەڵایەتیەکان.

- کۆمەڵناسان وەک دیاردەیەکی کۆمەلایەتی لە ڕاگەیاندن دەڕوانن، بۆ سەلماندنیشی پشتیان بەستووە بە تایبەتمەندییەکانی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان خەسلەتی مرۆییان هەیە

٢. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان گشتگیرن

٣. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەردەوامن

٤. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان ڕێژەیین

٥. دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دینامیکین

# بەها کۆمەڵایەتییەکان

- بەها هاو واتای وشەی (Value)ی ئینگلیزییە بە واتای پلە، ڕێزگرتن، بایەخ و گرنگی پێدان

- بریتییە لە کۆمەڵێک بۆچوون، بنەما، ئاداب، بیرۆکە، بایەخپێدان و پێداویستی و پاڵنەری ئایدۆلۆژی کە ئاراستە و هزر و ڕەفتاری مرۆڤ و پەیوەندی نێوان تاکەکان ڕێکدەخات و پارێزگاری لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و سەقامگیری کۆمەڵگە دەکەن.

- زۆربەی کات ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت کە باش و خوازراون و جێگەی ویستی زۆربەی تاکەکانن، بەهۆیەوە جیاوازی دەکرێت لەنێوان حەلاڵ و حەرام، ڕاست و هەڵە، باش و خراپ.

# سروشتی بەها کۆمەڵایەتییەکان

بەهاکان لە ئەزموونی کۆمەڵایەتی تاکەکانەوە بەرهەم دێن و دەبنە بەشێکی جیانەکراوەی کەسایەتییەکان، بەها کۆمەڵایەتییەکان بەسەر دوو بەشی سەرەکی دابەش دەبن:

- **یەکەم/ بەها ئەرێنییەکان:** هاوکاری، ئازایەتی، متمانە بەخۆبوون، ئارامگرتن، ڕاستگۆیی، دەستپاکی، دلسۆزی، دادپەروەری، دیموکراسی، یەکسانی، خۆبەختکردن لەپێناو پیرۆزییەکان، بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان و ئاشتەوایی و گیانی لێبوردەیی و ڕێزگرتن... هتد.

- **دووەم/ بەها نەرێنییەکان:** خۆپەرستی، تیرەگەری، ترسنۆکی، ستەمکاری، چینایەتی، جیاکاری کۆمەڵایەتی، ڕەگەزپەرستی، ناوچەگەرێتی، لایەنگری، بیرتەسکی، درۆ، دووبەرەکی، ساختەکاری، دوو ڕوویی، ڕق و کینە و تەواوی ئەو بەها ناپەسندانەی زۆرینە ڕەزامەندنین لەسەری.

# گرنگی بەها کۆمەڵایەتییەکان

- مرۆڤ سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەیە، دەیەوێت ببێتە ئەندامێکی کارای کۆمەڵگە، هەوڵی خۆگونجاندنی دەدات لەگەڵ بەهای کۆمەڵگەکەی، هەرچەندە پێچەوانەی ئاراستە و حەز و خولیاکانیشی بێت، ئەگەرنا دووچاری ڕەخنە دەبێتەوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەکەیەوە.
- بوونی بەها لە کۆمەڵگە بایەخی هەیە، چونکە ئەو کەلتوورەی ناو کۆمەڵگە چەند بەهایەکی دیاریکراوی هەیە، تاک وردە وردە دەستی دەکەوێت، بەمشێوەیە بەهاکان کاردەکەن لەسەر پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و گرنگە بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی کۆمەڵگە.
- بەها کۆمەڵایەتییەکان بە تێپەڕبوونی کات یان لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکیتر جیاوازە

## ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و پێکهێنانی بەها کۆمەڵایەتییەکان

- ئامرازەکانی ڕاگەیاندن توانای پێکهێنان و گۆڕینی بەهاکانیان هەیە.

- ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوەی مەعریفە، بەجۆرێک بەجیا لە زمانی گووتن، دەتوانرێت هەموو ئەوانە بەزمانی وێنە بخزێنرێنە ئەقل و بیری تاکەکان.

- تەلەڤزیۆن وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندن، بە هێزێکی بەرزتر لە ئاستی پێشبینیکردنی مرۆڤ، پاڵشت و پارێزگاری لە بەهاکان دەکات، وەک کەرەستەیەکی کۆمەڵایەتی بەشداری لە یەکخستنی کۆمەڵگەکان دەکات لە میانەی یەکخستنی نەریت و بەها و شێوەی ڕەفتاری تاک.

# داب و نەریت:

- باوەڕێک یان ڕەفتارێکە کە لەناو گروپێک یان کۆمەڵگەیەکدا دەخولێتەوە و مانایەکی ئاماژەیی هەیە و ڕەچەڵەکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو و پێکهاتەیەکی فۆلکلۆرییە و لە باوباپیران ماوەتەوە و پارێزگاری لێدەکرێت و لاسایی دەکرێنەوە، هاوکات بۆ نەوەکانی داهاتووش دەگوازرێتەوە، ڕاگەیاندن کەرەستەیەکە بۆ گواستنەوەی

- داب و نەریت وەرگیراو و فێربوونی شێوازەکانی ڕەفتارە لە کۆمەڵگەدا، ئەو شتانەن کە خەڵک لەسەری ڕاهاتوون، وە دواتر لاسایی و دووبارە دەکرێنەوە.

- داب و نەریت دەتوانێت بۆ هەزاران ساڵ بەردەوام بێت و گەشە بکات.

- دوو جۆر داب و نەریت هەیە:
  - ماددە: ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کە بەرجەستەنە وەک جامانە و پشتێن، جل و بەرگ
  - مەعنەوی: وەک شێوازی ئەنجامدانی ڕێورەسمەکان

- نمونەی داب و نەریت:

ڕێورەسمی جەژنە نەتەوەییەکان، ئەنجامدانی ڕێورەسمی هاوسەرگیریکردن، سەردانی و میواندارێتی، شێوازی پێشوازیکردن و ڕێزگرتن لە میوان و لە کەسانی بە تەمەن، ڕێورەسمی ناشتنی مردوو و پرسە دانان، شێوازی وەستان و دانیشتن لە بۆنە کۆمەڵایەتی، مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەتان و ڕەگەزی مێینە، شێوازی پۆشینی جلوبەرگ.

# هۆشیاری کۆمەڵایەتی

- هۆشیاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە هەستپێکردن، زانین، تێگەیشتن و ئاگاداربوون و توانای هەر تاکێکە لە بارەی هەموو ئەو پرس و بابەت و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە لە دەوروبەر و ناوچەکە و جیهان ڕوودەدەن.

- هۆشیاری کۆمەڵایەتی بریتییە لە کەرەستەیەکی ئەقڵی بۆ دەرککردن بە ڕاستییەکان. هۆشیاری چوار پێکهاتەی هەیە بریتین لە: (پەیبردن، تێگەیشتن، هەڵسەنگاندن، ڕەفتار).

- هۆشیاری کۆمەڵایەتی کاریگەرە لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگە، بناغەی پێشکەوتن و چاکسازییە و هۆکاری گۆڕانکاری ڕاستەقینەیە لە ژیانی خەڵک و کۆمەڵگە.

- تواناکانی خود لەلایەک، کارلێکی کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەی دەوروبەر لەلایەکیتر، هەردوو ڕەهەند کاریگەرییان بەسەر یەکترەوە هەیە بۆ پێکهێنانی هۆشیاری لەلای تاک.

## گرنگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی:

- هۆشیاری پاشخانێکی ئەقڵییە، ئەم پاشخانە سودی دەبێت بۆ مرۆڤ تابتوانێت لە کاتی پێویست بڕیارێکی ڕاست و دروست بدات کە کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر خۆی و خێزان و کۆمەڵگەکەی.
- هۆشیاری کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە بەهۆیەوە دەتوانرێت کۆمەڵگە لە دواکەوتوویی و چەقبەستوویی ڕزگار بکرێت و بەرەو بەردەوامبوون و پێشکەوتنی کۆمەڵگە هەنگاو بنێت.
- هۆشیاری کۆمەڵایەتی فاکتەرێکە بۆ تێگەیشتن لە خەڵک و زانینی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان بە شێوەیەکی دروست و کاریگەر و شارستانیانە.
- هۆشیاری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرە بۆئەوەی تاک بزانێت چۆن لەگەڵ کۆمەڵگەکەیدا دەگونجێت، وە چۆن دەتوانێت بەو شتانە بگات کە بەدوایدا دەگەڕێت بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی خۆش.
- زانستی دەروونی سەلماندوویەتی پاڵنەر و غەریزە و ئاراستەکانی تاک دواجار دەبنە ڕەفتار، ئینجا ئەم ڕەفتارانە بۆ کەسێکی هۆشیار دەبێتە ڕەفتارێکی ئەرێنی، وە بە پێچەوانەوە.
- گرنگی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لەوەدایە ڕەهەندی فیکری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کەسایەتییەکەی بەهێزتر دەکات و دووردەبێت لە گۆشەگیری.

# ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی

- ڕاگەیاندن تەنها ئامرازی پێدانی هەواڵ و کاتبەسەربردن نین، بەڵکو دەبێتە ئامرازێکی تەواوکار بۆ پرۆسەی پەروەردەی فیکری و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێدانی زانیاری
- میدیای ئازاد هۆکارێکی گرنگە بۆ ئامادەکردنی تاکی هۆشیار بەواتای بوونی خێزانی هۆشیار دێت.
- میدیا ڕۆڵی هەیە لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە وخەڵک بە کێشە و گرفت و تاوان و لێکەوتەکان.
- جگە لە زمانی گووتن، دەتوانن بەزمانی وێنە و گرافیک بخزێنرێنە نێو ئەقل و بیری تاکەکان.
- ڕاگەیاندن ئەو بابەتانە بڵاودەکاتەوە کە هانی تاک دەدات بۆ داهێنان ونەهێشتنی نەخوێندەواری
- میدیای ئەلیکترۆنی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر تاکەکان لە هەستکردن بە ژیان و خواردن.
- ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ بەرامبەر و ڕێورەسمە کۆمەڵایەتیەکان.
- ڕاگەیاندن هۆکارێکە بۆ فراوانکردنی تێڕوانین بۆ ئازادیەکانی تاک و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ.
- هەڵمەتەکانی ڕاگەیاندن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی.

# پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان

## المعايير الاجتماعية (Social norms)

- پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان کۆمەڵێک گوزارشت، ڕێسا، ئاراستە، هەڵوێست، بەها، نەریت، بیروباوەڕ، ڕەفتارەکانن کە ئەندامانی کۆمەڵگە کۆکن لەسەری، دەبنە ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵگە

- پێوەری کۆمەڵایەتی چوارچێویەکی کۆمەڵییە لە ناخ و دەروونی تاکەکان چەسپێنراون، دەبنە ڕێبەر و بنەمایەکی سەرەکی بۆ سەقامگیری پەیوەندی نێوان تاکەکان.

- کۆمەڵناسان کۆکن لەسەر ئەوەی ئەم پێوەرانە لە داب و نەریت و هۆشیاریی بەکۆمەڵی هەر کۆمەڵگەیەک و هەروەها بنەما ئەخلاقییەکان و ئایین و ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکاندا سەرچاوە دەگرێت.

- پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان جیاوازن لە پێوەرە یاساییەکان، چونکە پێوەری یاسایی لەلایەن دەزگا و دامەزراوە فەرمیەکان ڕێکدەخرێن و دەنووسرێن و سزای ڕاستەوخۆ دەسەپێنن بەسەر تاکەکان.

- پێوەری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەیەک بۆ کۆمەڵگەیەکیتر دەگۆڕێت بەپێی سروشت و خەسلەتەکانی کۆمەڵگەکە.

# لادانی کۆمەڵایەتی

- لادان لە کۆمەڵناسیدا بۆ وەسفکردنی ئەو کردارانە یان ڕەفتارانەیە کە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەشکێنن و پێشێلی دەکەن، وەک ڕەفتارکردن بە پێچەوانەی داب و نەریت و یاسا و بەهاکان، یان ئەنجامدانی کردەوەیەکی تاوانکاری، بۆ نموونە کوشتنی مرۆڤێک بە شێوەیەکی گشتی هەڵەیە، تەنها کاتێک نەبێت کە حکومەتەکان ڕێگەی پێدەدەن بۆ نموونە لە کاتی جەنگدا یان لە حاڵەتەکانی بەرگریکردن لە خۆ.

- تێڕوانینی کۆمەڵ بۆ لادان لەگەڵ تێگەیشتنی کۆمەڵگە لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بە تێپەڕبوونی کات و لە شوێنێک بۆ شوێنێکیتر لەوانەیە بگۆڕێت.

- هەندێکجار لادانی کۆمەڵایەتی دەبنە فاکتەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵگەیەکی هۆشیار و پەروەردەکراو بۆ کۆمەڵگەیەکی تاریک و هەڕەشەئامێز و ناسەقامگیر، بەتایبەت بەهۆی تێکەڵاوبوون و بەیەککەوتنی کلتوری جیاواز و بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی ئینتەرنێت و هاتنی بیرۆکەی نوێی لادان.

# چارەسەرکردنی لادانی کۆمەڵایەتی

- کۆمەڵناسان و دەروونناسان و پزیشکانی دەروونی و تاوانناسان لێکۆڵینەوە لە لادانی کۆمەڵایەتی دەکەن بۆ تێگەیشتن لە ڕەهەندەکانی لادانەکە و هۆکارەکانی دروستبوونی ئەم لادانە.

- ڕاگەیاندن لەم نێوەندەدا ڕۆڵی کارا دەبینێت لەڕێگەی گفتوگۆ و بەهێزکردنی ویژدانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و بەئاگاهێنانەوە و هۆشیارکردنەوەیان، وە تیشک خستنە سەر لادانەکان و لێکەوتە و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگە و خستنەڕووی ڕێگەی چارەسەر.

- ڕاگەیاندن فاکتەرێکی بەهێزە بۆ کارکردنی بە پەرۆش و بەهێزکردنی ئیرادە و تواناکانی کۆمەڵگە بە مەبەستی گرتنەبەری سیاسەتێکی کۆمەڵایەتی و هاندانی حکومڕانی بۆ دانانی میکانزمەکانی کەمکردنەوە و نەهێشتنی لادانی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی پراکتیکی و دۆزینەوەی چارەسەر و چۆنیەتی شێوازی ڕێگریکردن لەم لادانە.

# ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندن

## ١. ئەرکی گەیاندنی و هەواڵ و زانیاری:

مەبەست لێی بەدواداچوون و بەدەستهێنان و پێشکەشکردنی هەواڵ و زانیاری نوێیە، وە پێشبینیکردنی دەرئەنجام لەسەر بنەمای خوێندنەوەی پێشوەخت و لۆژیکیانەی پێشهات و ڕووداوەکانە، بۆ هێنانەدی ئامانج و مەبەستی دەزگا ڕاگەیاندنەکە.

## ٢. ئاڵوگۆڕی بیروڕا:

لەمیانەی ئامادەکردن و پەخشکردنی ژانرە جیاجیاکانەوە، لەڕێگەی ئامرازەکانیەوە ڕاگەیاندن دەتوانێت ببێتە سەکۆیەک بۆ ئاڵوگۆڕی بیروڕای جیاواز لەبارەی پرسی هەمەجۆر لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵ یاخود لەنێوان لایەنی دەسەڵات و جەماوەر ...هتد.

## ٣. ئەرکی سایکۆلۆژی:

بوونی ڕاگەیاندن پێویستییەکی ژیان و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییە، بەتایبەتی لەکاتی بڵاوکردنەوەی بابەتە پڕوپاگەندەییەکان، جەنگی دەروونی. ئەرکی ڕاگەیاندنە کاربکات بۆ دروستکردنی ئاراستەیەکی ئەرێنی بۆ تاک و کاریگەری دانان لەسەر هەست و سۆز بەمەبەستی ئارامکردنەوەی دەروونی تاک.

## ٤. ئەرکی هۆشیاری و رۆشنبیرکردن:

ڕاگەیاندن هانی تاک دەدات پابەندبێت بە چەمکەکانی بنیاتنانی کەسێتی و گەشەسەندنی بیرکردنەوەی. پێکهێنانی بیری نوێ، گۆڕانێکی جۆری لە هۆشیاری هاوڵاتیان و دەبێتەهۆی هۆشیاری و رۆشنبیرکردنی تاکەکان بەئاراستەی زانین، هەروەها زیادکردنی کارامەیی و بەرزکردنەوەی ئاست و بیرکردنەوە و گەشەپێدانی توانای تاکەکان.

## ٥. ئەرکی پەروەردەکردن و فێرکاری:

لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی داتا و زانیاری و ناوەرۆک و ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکانی تایبەت بە بواری خوێندن و پەروەردە و فێرکردن و ناساندنی داهێنانی زانستی و گونجانی جەماوەر لەگەڵ ژیانی نوێ، دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ڕۆڵی پەروەردەکردن و ڕاهێنان و فێرکردن ببینن.

## ٦. ئەرکی پابەندبوونی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی داب و نەریت:

بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕ و بیرۆکە و بەها و داب و نەریت و ڕەفتار لە نێوان چین و توێژەکان بە ئامانجی دروستکردنی کەسێتییەکی گونجاو و بونیادنەرو کارا لەنێو کۆمەڵگە.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن بوونەتە سەرچاوەیەک بۆ کۆمەڵگە لە گواستنەوەی کەلەپور و کلتوری کۆمەڵایەتی جیاواز و بەیەکەوە بەستنەوەی تاک و بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە

## ٧. ئەرکی بڕوا پێهێنان:

بڕوا پێهێنان بریتیە لە کەرەستەیەک لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی کاریگەری و بە ئامانج کە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەکاریدەهێنن بەمەبەستی گۆڕینی هەڵوێست، تێڕوانین، بیروباوەڕ، نیاز، هەڵسوکەوت، هاندانی کەسێک یان گروپ و لایەنێک بۆ ڕوداوێکی دیاریکراو، دیاردەیەک، بیرۆکە یان شتێک یان کەسێک. بۆ قازانج و دەستکەوتی ماددی یان مەعنەوی.

## ٨. ئەرکی گەشبینکردن:

بریتییە گەڕاندنەوەی هیوای ژیان و نیشاندانی ڕێگاکانی سەرکەوتن بۆ پشتگیریکردنی تاک بە مەبەستی بەهێزکردنی ئیرادە و گیانی زاڵبوون بەسەر سەختییەکانی ژیان و بە ئومێدەوە سەیرکردنی داهاتوو.

## ٩. ئەرکی گاڵتەوگەپ و هونەری:

لە ڕێگەی پێشکەشکردنی بابەت و پرۆگرامی هەمەرەنگ و جۆراوجۆر و دیمەن و فیلمی کۆمیدی و چیرۆک و گۆرانی و نوکتە و سەیرکردنی بابەتی سەرنج ڕاکێش وەک: هەڵپەرکێ و پێشبڕکێ و یاری کردن و پەرەپێدان بە لایەنی هونەری و جوانی و ئارەزووەکان. ئەم بوارە گرنگە بۆ سەرنج ڕاکێشان و حەسانەوەی بینەر، جگە لەوەی دەتوانێت لە ڕێگەی ئەم پرۆگرامانەوە هەندێ هەڵوێست و ڕێنمایی گرنگ و ڕەخنە ئاراستەی بینەر بکات ئەوەش شێوازی خۆی دەوێت.

# کاریگەری پەیامەکانی ڕاگەیاندن لەسەر جەماوەر

بەشێوەیەکی گشتی پەیام و ناوەڕۆکە میدیاییەکان لەبەر ڕۆشنایی تیۆری پشت بەستن بە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە سێ بواری سەرەکی کاریگەری لەسەر جەماوەر و وەرگرەکەی جێدەهێڵێت:

## ١. کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر دەرککردن و بیرکردنەوە:

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن کاریگەرییان لەسەر جەماوەر هەیە بۆ درکپێکردن بە واقیعی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدانی پێکهاتە هزرییەکان. هۆشیارکردنەوەی تاک لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتی فیکری و ڕۆشنبیری، کاریگەری لەسەر بیرکردنەوە و بۆچوون و بیروباوەڕ و ئاراستە و ئایدۆلۆژیای وەرگر.

## ٢. کاریگەری لەسەر لایەنی دەروون و سۆزداری:

ئەو هەواڵ و زانیارییانەی کە پەیوەستن بە دەروونی تاک، وەک توندوتیژی بەرامبەر خێزان، ڕووداوەکانی کوشتن، سووتان، لێدان و بریندارکردن، دەربەدەرکردن، بوختان و سوکایەتیکردن...هتد، کاتێک دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەخش و بڵاوی دەکەنەوە کاریگەری بەجێدەهێڵن لەسەر هەست و سۆز و ویژدانی وەرگر.

## ٣. کاریگەری ڕاگەیاندن لەسەر ڕەفتار:

لەم قۆناغەدا کاریگەرییەکان دەگۆڕێن بۆ ڕەفتار، بۆ نموونە هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوە، کاری خۆبەخشی یان نیشاندانی ڕەفتاری کەسانێک کە بەهانای لێقەوماوان دەچن وەک هاوکاریکردنی کەسێکی ڕزگاربووی دەستی توندوتیژی، یاخود هەر ڕەفتارێکیتر کە بەکردەیی ئەنجام دەدرێت. دواجار نیشاندانی ئەم جۆرە ڕەفتارانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕەفتاری جەماوەر.

# وێنەی هزری (الصورة الذهنية)

- وێنەی هزری لەئەنجامی کۆتایی تێڕوانینێکی خودی، لە مێشکدا دروست بێت بەرامبەر بە هەرشتێک، لەئەنجامی کەڵەکەبوونی ئەزموون و شارەزاییەکانی پێشووی مرۆڤ لەگەڵ کارلێکی ژینگەی ڕاستەقینە دروست دەبێت، یاخود لە ئاکامی خەیاڵ یان ڕووداوێک لە مێشکدا لای خودی مرۆڤ دروست دەبێت، ئینجا وێنەکە ئەرێنی یان نەرێنی بێت.

- وێنەی هزری کۆمەڵێک زانین و بیروباوەڕە لەڕابردوو و ئێستا و داهاتوو کە تاک دروستی دەکات و پارێزگاری لێ دەکات بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، لەخودی خۆی و ئەو جیهانەی تێیدا دەژیت.

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی وێنەی هزری

- ئامرازەکانی چاپکراو و بینراوەکان و ئامرازە ڕاگەیاندنە نوێیەکان بە شێوەیەکی کارا بۆ دروستکردنی وێنەی هزری بەکار دەهێنرێن، وێنە لە هزری تاک دروست دەبێت لە ئەنجامی پێشکەشکردنی پەیامێک لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، لە ئەنجامدا دەبێتەهۆی دارشتنی هێمای ئەم پەیامە ڕاگەیاندنە لەهزری تاک.

- بەهۆی پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر لەسەر ئەو بابەتەی کە وێنە هزریەکەی لەبارەیەوە دروستکردووە، ڕاگەیاندن دەتوانێت وێنەکە لە ئەرێنی بگۆڕێت بۆ نەرێنی، وە بە پێچەوانەوە.

توانای وێنەی هزری لەسەر دیاریکردنی وێنەی جیهانی دەرەوە لە هزری خەڵک جیاوازە لەئامرازێکەوە بۆ ئامرازێکیتری ڕاگەیاندن.

# گرنگی وێنەی هزری

- گرنگی وێنەی هزری لە دوای ئەوەدێت کە مرۆڤ زۆر جار تێگەیشتنی و شرۆڤەکردنی بۆ شتەکانی دەورووبەری هەیە ئەوەش بە پێی ئەو وێنە هزرییەی کە هەر لە سەرەتاوە لە مێشکیدا چەسپاوە و دواتر کاریگەریەکی گەورە و ڕەنگدانەوەی لە سەر ڕەوشت و قسەکانی و کردەوەکانی دەبێت، وەک قبووڵکردن و ڕەتکردنەوە، هەروەها ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە پێکهێنانی بیرورا و دەرکردنی بڕیار.

- وێنەی هزری ئەم وێنەیەیە کە تەحەکوم بە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تاک دەکات، واتا لە ڕەفتارکردندا مرۆڤ پشت دەبەستێت بە وێنە هزرییەکانی پێشوو، گۆڕانی ڕەفتار بەندە بە گۆڕانی وێنەی هزری.

# Communication پەیوەندیکردن

بریتیە لە پرۆسەی ئاڵوگۆڕ و گەیاندنی پەیامێک کە هەواڵ یان زانیاری و شرۆڤە و شیکاری یاخود ڕوونکردنەوە و دەربڕینی هەڵوێستێکی لەخۆگرتبێت، بە گووتن بێت یان نووسین یاخود وێنە و جولە و ئاماژە و زمانی جەستە، بەهۆیەوە دەبێتە جۆرێک لە پەیوەندی و کارلێک دروست دەبێت لە نێوان نێرەر لەگەڵ ئەو کەس و لایەنەی کە دەبنە وەرگری پەیامەکە.

# شۆڕشەکانی پەیوەندیکردن

- زمانی ئاخاوتن و گفتوگۆ
- دۆزینەوە و داهێنانی نووسین
- پەیدابوونی چاپخانە
- داهێنانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن
- شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاری

# جۆرەکانی ئامرازی پەیوەندیکردنی جەماوەری

- ئامرازی خوێنراو
- ئامرازی بیستراو
- ئامرازی بینراو و بیستراو
- ئامرازی ئەلیکترۆنی

# ئاستەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردن

- پەیوەندیکردنی خودی
- پەیوەندیکردنی کەسێتی
- پەیوەندیکردنی بەکۆمەڵ
- پەیوەندی ناوەندی
- پەیوەندی جەماوەری

# سوپاس بۆ گوێگرتنتان